www.kurdistannet.org
27-1-2007 18:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دڵدار و سروودی ئەی رەقیبی دڵدار چقڵی چاوی دوژمنانە!!! ... نەبەز گەرمیانی

زۆرم پێ ناخۆش بوو کە بیستم کەسانێکی بی نرخ و نەفەس نزم و شەمشەمە کوێرەی مێژوو، بەوەوە نەوەستان بە گژ سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیبدا بچن و داوای گۆڕینی بکەن، بەڵکو کار گەیشتە ئەوەی ئەو بستە بااڵو مێشك پووچانەی پڕ لە کای دواکەوتوویی رۆیشتوون دەستکاری دێرەکانی سروودی ئەی رەقیبیان لەسەر گۆڵکۆی شاعیری نەتەوەیی کورد دڵدار کردووە، بە تایبەتی ئەو دێرەی دەڵێت (دینمان، ئایینمانە نیشتمان)، بەڵی هەموو کوردێك لەهەر کوێیەك بێت، ئامادەیە خۆی بۆ نیشتمانەکەی بکاتە قوربانی، ئەدی چۆن نیشتمان نابێتە ئایین و دینی کورد؟؟؟

بۆیە ئەو مێشك پووچانەی ئەو دێڕانەی سروودی ئەی رەقیبیان دەستکاری کردووە، شەمشەمە کوێرەی مێژوون و ئەوەیان لەیاد چووەتەوە کە بە زەبری شمشێر هێنراونەتە سەر ئەو ڕێگەیەی کە هەنووکە بانگەشەی بۆ دەکەن و کرێگرتەی ئەو وڵات و لایەنانەن بە ناوی ئەو ڕێبازەوە نان و پیاز دەخۆن و خوێنی ئەم و ئەو حەاڵل و فڕ دەکەن!!

ئەو مێشك پووچانە بەوەشەوە نەوەستاون، چەندە رقیان لە سروودی نەتەوەیی کورد دەبێتەوە، ئەوەندەیش رقیان لە دڵداری شاعیرە، بۆیە رۆیشتوون دەستکاری گۆڵکۆی شاعیریان کردووەو کێڵەکانیان ڕووخاندووەو ڕێزی مردووشیان نەگرتووە کە گوایە ئەوانە لە لای خۆیانەوە خوا دەناسن و ئەزیەتی کەس نەدەن، کەچی سەلماندیان ئەوانە شەمشەمە کوێرەی مێژوون و لە تاریکە شەودا ماونەتەوەو دژ بە ڕووناکین!!!

هەموو کورد دژ بەو کەس و لایەنانە ڕادەوەستێت، هەروەها دژ بەوانەی لە پشتیانەوەن، ئەو بێ مێشکانەی کە ئەو کارە نامرۆڤانەیان کردووەو، داوا لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەکەن کە چی دیکە بە بەریەوە نەماوە سنووریك بۆ ئەو جۆرە کارانە دانێن و سزای ئەو کەسانە بدرێت کە ئەو کارە ناڕەوایەیان کردووەو دەکەن، بەیانێکی ڕاشکاوانە سەبارەت بە سروودی ئەی رەقیب دەربکرێت، بە زووترین کاتیش گۆڵکۆی شاعیری نەتەوەیی دڵدار چاك و نۆژەن بکرێتەوەو لە دەستی دەست ڕەشان بپارێزرێت و پاسەوان بۆ گۆڵکۆی پیاوە ناوارەکانی کورد تەرخان بکرێت تا کەس نەوێرێت توخنی هیما نەتەوەییەکانمان بکەوێت!!

nabazgarmiyani@maktoob. com

ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.